# دوعا بەردباران دەکرێ، حکومەتیش دوای سێ هەفتە بە ئاگا دێ

رێکار ئەحمەد



بە گوێرەی دوایین زانیاری، **دوعا** لەگەڵ خۆشەویستەکەی لە نزیک گوندی بەحزان و شارۆچکەی بەعشیقە دیداریان دەبێ، خزمەکانی دەیانبینن، لەترساندا بە راکردن بەرەو بارەگای لایەنی دەستەڵاتدار دەڕۆن، دوعا لە بارەگا رادەگیرێ، خۆشەویستەکەشی رادەستی پۆلیس دەکرێ. دوعا سێ رۆژ لە بارەگاکە دەمێنێتەوە،، بەرپرسانی بارەگاکە لەسەر گفت و بەڵێنی خانەدانێکی شاری بەعشێقە دوعا رادەستی بنەماڵەکەی دەکەنەوە، ئیتر چەند هەنگاوێک دوورتر تاوانی سەنگبارانکردنی دوعا دەست پێدەکات . فیلم لە بەڕێوەچوونی تاوانەکە هەڵدەگیرێتەوە. فیلمەکە لە شاری دهۆک بە نێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە، دەستەڵات هەوڵی گرتنی ئەو کەسانە دەدات کە ئەو تاوانە بە پلۆتۆز بۆ دیتران رەوانە دەکەن، بەو هۆیەوە چەند کەسێک تۆمەتبار دەکرێن و چاویان لێ سوور دەکرێتەوە .

دوای ئاشکرابوونی سەنگبارانکردنی دوعا، کۆمەڵێک نووسەری بوێر پەردە لەسەر تاوانەکە هەڵدەماڵن و راگەیاندنەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە ، لە رێگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکێکی زۆر تەماشای فیلمی تاوانەکە دەکەن، موچڕک بەلەشیان دادێ و دەیانهەژێنێ. ئەوەی فیلمەکە ببینێ لە ناخەوە بریندار دەبێ و بەزەیی بە دوعای پاکیزەدا دێتەوە، بێزی لە مرۆڤکوژەکان دەبێتەوە و نەفرەتیان لێدەکات، گلەیی لە بەرپرسان دەکات و داوای سزادانی تاوانبارانیان لێ دەکات.

دوای ئەوەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بە تاوانەکەیان زانی و فیلمەکەیان بینی، دوای ئەوەی ژنان و کچان رژانە سەر شەقامەکان و بەرەو تەلاری پەرلەمان رێیان گرت ئەوسا دەستەڵات خۆی جولاندو داوای لە خەڵک کرد کە دان بەخۆیان دابگرن!! ئەوسا بەرپرسان لەگەڵ رێکخراوەکانی سەربەخۆیان کۆبوونەوەو باسیان لە تاوانەکە کردو لەبەردەم کامێراکاندا دڵگرانی خۆیان راگەیاند!!

دوعا لە نێو شارۆچکەی بەعشیقە دا کە چەندین بارەگای حزبی و حکومی ، بنکەی پۆلیس و ئاسایش، بارەگای رێکخراوەکان و بنکەی رۆشنبیری تێدایە بە درەندەترین شێوە بەردباران کراو و کوژرا. لە فیلمەکەدا دەردەکەوێ کە ژمارەیەک مرۆڤ کۆبوونەتەوەو تاوانەکە بەڕێوەدەبەن، بەرپرسانی شارەکە، پۆلیس و ئاسایش و ئەندامانی حزبەکان بە چەپ و راستیانەوە بە هانایەوە ناچن و هەوڵی رزگارکردنی ئەو کیژۆڵەیە نادەن کە دەیان کەس لێی کۆبوونەتەوەو بەردبارانی دەکەن، بە بۆکس و پێلاقە لێی دەدەن، جلەکانی لێدەدڕێنن و سوکایەتی پێدەکەن.

ئەگەر لەو شوێنەی کە دوعای تێدا بەردباران کرا چەند کەسێک بۆ نارەزایی دەربڕین لەبەرانبەر قەیرانەکانی سووتەمەنی، بێ ئاوی، بێکارەبایی، گرانی بازاڕو شتی دیکە کۆببنەوە هەر دەمودەست هێزی پۆلیس و ئاسایش گەمارۆی شوێنەکە دەدەن، بە گوللە خەڵکەکە بڵاوە پێدەکەن و ژمارەیەک قۆڵبەست دەکەن.

ئەگەر لەو شوێنەی کە دوعای تێدا بەردباران کرا، کەسێک یان کەسانێک باسی گەندەڵیەکانی دەستەڵات بکەن، یان دڵگرانی خۆیان لەبەرانبەر رەفتاری بەرپرسان پێشان بدەن، ئەگەر ماوەکە زۆر لەوەش کورت تر بێ کە دوعای تێدا بەردباران کرا ، هەر دەست بەجێ دەیان مەفرەزەی تایبەت دەرژێنە شوێنەکەو ئەو کەسانە دەستگیر دەکەن و رەوانەی زیندانیان دەکەن.

ئەگەر لەو شوێنەی کە دوعای تێدا شەهید کرا کەسێک جنێو بە بەرپرسێک بدات، یان بەردێک لە وێنەی سەرکردەیەک بگرێ، هەر بەبێ دواکەوتن مەفرەزەکان دەگەنە جێ و کەسەکە دەستگیر دەکەن، بەرەو نادیاری رەوانەی دەکەن ، لەوانەیە جارێکی دیکە بۆ دنیای رووناک نەگەڕێتەوە !

دوای روونکردنەوەی ئەو چەند دێرە دەبێ بپرسین : ئەی باشە چۆن بنکەی پۆلیس و ئاسایش، بارەگای حزبەکان و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان ئاگایان لەوە نەبووەو کە کیژۆڵەیەکی حەڤدە ساڵان لەلایەن کۆمەڵێک مرۆڤی درندەو بێ ویژدانەوە بەردباران دەکرێ؟!

کێ دەتوانێ باوەڕ بەو قسەیە بکات کە دەڵێن هێزەکانی ناوەخۆ ئاگایان لێ نەبووە؟! ئەی باشە چۆن هەواڵچنەکانی حزب و دەزگە تایبەتیەکان بەپەلە سەرووی خۆیان ئاگادار نەکردۆتەوەو پێیان رانەگەیاندوون کە رەوە گورگێک گەمارۆی کیژۆڵەیەکیان داوەو دەیانەوێ پارچە پارچەی بکەن ؟!

ئایا لە پەنای پاساوی بێ ئاگایی و خۆنەبانکردن لە تاوانەکە حکومەت لە بەرپرسیارێتی دەربازی دەبێ؟!

ئەگەر یاسا دەکار بکرابایە و هێزەکانی ناوەخۆ ئەرکی خۆیان ئەنجام دابایە، ئەگەر ئەندامان و بەرپرسانی حزبەکان لەو شارەدا بەرژەوەندی گشتیان پێ لە بەرژەوەندی حزب گەورەتر بوایە، ئەگەر دەستەڵاتداران پەرۆشی سەروگیانی وڵاتیان بوونایە ، دەبوایە هەر دەمودەست رێگریان لە بەڕێوەچوونی تاوانەکە بکردبایە. دەبوایە حکومەت هەر ئەو رۆژە هەڵوێستی پێشان بدایەو بڕیاری گرتنی تاوانبارانی دەرکردبایە. دەبووایە هەر ئەو رۆژە ئەو حزبانەی کە بارەگایان لە شارۆچکەی بەعشیقە هەیە و لە نزیکەوە ئاگایان لە رووداوەکە هەبووە بەیاننامەیان بڵاوبکرابایەوەو تاوانەکەیان ریسوا بکردبایە، بەڵام دوای شاردنەوەی تاوانەکەو تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر ئەنجامدانی کارەساتەکە هیچ نرخ و بەهایێک بۆ ئەو هەڵوێست و بەیاننامەو راگەیاندراوانە نامێنێتەوە کە ئێستا بازاڕی پێوە دەکەن، ئەو هەڵوێست و بەیاننامانە جگە لە چەواشەکاری واتایێکی دیکە نابەخشن.

راستە کۆمەڵگە دابونەریتی خۆی هەیە و هەندێ لە مرۆڤەکانیش کردەوەی نابەجێ دەنوێنن و تاوان دەکەن، بەڵام تاوان و سزاکان بە گوێرەی یاسا رێکخراون، ئەرکی حکومەتە کە بڕگەکانی ئەو یاسایانە دەکار بکاو بیانپارێزێ، پێشێلکردنی یاسا لەلایەن هەر کەس و گروپێکەوە بێ حکومەت لێی بەرپرسیارە، کەواتە دەستەڵات راستەوخۆ لە بەردبارانکردنی دوعا بەرپرسیارە، ئەگەر هێزەکانی ناوەخۆ، هەواڵچنەکانی دەزگا تایبەتیەکان و ئەندامانی حزبەکان دڵسۆزانە رەفتاریان لەگەڵ بەڕێوەچوونی تاوانەکە بکردبایە، ئەگەر خودی دەستەڵات خۆی هەوڵی شاردنەوەی تاوانەکەی نەدابوایە، ئەگەر هەر هەمان رۆژ کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدرا دەستەڵات هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکردبایە بەرپرسیارێتی لەئەستۆی لادەچوو، ئێستا راشکاوانە دەڵێم، پێویستە :

١- هەردوو وەزیری دادو ناوەخۆ دەست لە کار بکێشنەوە، بەرپرسانی ئاسایشی شارەکەش لەبەرانبەر کەمتەرخەمیان دادگەیی بکرێن و سزا بدرێن.

٢- پەرلەمانی کوردستان بۆ دانیشتنێکی تایبەت حکومەت بانگ بکات و روونکردنەوەی لێبخوازێ.

٢٠٠٧-٥-١

rekarahmed@hotmail.com

# لەکوردستانیش یادی یەکی ئایار دەکرێتەوە!

ڕۆژی گەل

لە رۆژی یەکی ئایار لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی جیهاندا رێوڕەسمی رێزگرتن لە کرێکارانی هێزو بازوو بەڕێوەدەچێ، هەوڵ و کۆششی ئەو سەربازە ونانەی بواری کارکردن و داهێنان بەرزدەنرخێندرێ . بەو بۆنەیەوە سەندیکای کرێکاران و رێکخراوە کرێکاری و مافپەروەرەکان جەخت لەسەر وەدەستهێنانی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکەنەوە و بەرنامەی تۆکمەو تەکوزتر بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان دادەڕێژن. لە زۆربەی وڵاتاندا رۆژی یەکی ئایار وەکو پشووی فەرمی ناسێندراوە،بەو بۆنەیەوە ئاهەنگی خۆشی و شادی بەڕێوەدەچی. یادکردنەوەکەش تەنیا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی بریقەدارو ئاهەنگێڕان و خۆدەرخستنی بەرپرسەکانی حکومەت و حزبەکان نارازاندرێتەوە، چونکە لەو رۆژەدا پێویستە جەخت لەسەر پتەوکردنی خەباتی چینی کرێکاران بکرێتەوە، پاداشتیان پیبدرێ و هەوڵی خۆشگوزەرانی خێزانەکانیان بدرێ.

کرێکارانی جیهان لە رۆژی یەکی ئایاردا هەم یادی ئەو کرێکارانە دەکەنەوە کە لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانیان گیانی خۆیان پێشکەش کردووە، هەمیش داخوازیەکانی خۆیان ئاشکرا دەکەن و جەخت لەسەر مافەکانیان دەکەنەوە، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا دەست لە بینەقاقای ئەو جەژنەش نراوە، بێڕێزو لەکەدار کراوە. لەو رۆژەدا کە جەژنی کرێکارانی جیهانە زۆربەی کرێکارانی کوردستان بۆ پەیداکردنی پارووی ژیان دەچنە سەرکار، تاقەت پڕۆکێنانە کار دەکەن، ژن و منداڵەکانیان بە کولەمەرگی بەسەر دەبەن، بەڵام بەرپرسە تێرەکان ئاهەنگ ساز دەکەن و مێز دەڕازێننەوە، سەری شانۆ دەگرن و وتار دەدەن و باس لە مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکەن وجەژنە پیرۆزەیان لێ دەکەن. حزبەکان و دامەزراوەکانیان بەیاننامەو راگەیاندراو بڵاودەکەنەوەو خۆیان بە پارێزەری مافەکانی ئەوان دادەنێن. حکومەت و بەرپرسەکان ئەو رۆژەشیان لە کرێکاران زەوت کردووە، خەڵکانی پۆشتەو پەرداخی ورگ زل دێن لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا لە جیاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوانی وڵات قسە دەکەن، لە جیاتی ئەوانەوە سوپاسی حکومەت و سەرکردەکان دەکەن، لە جیاتی ئەوانەوە بانگەشەی بەهەشتبوونی وڵات دووپات دەکەنەوە.

کرێکارانی کوردستان باش دەزانن کێ ئەوانی بێکارکردووە، کێ هەوڵی دامەزراندنی ئەوان نادات و کێش بیر لە خۆشگوزەرانی ئەوان ناکاتەوە.

کرێکارانی کوردستان لە جاران هۆشیارترن، بە چاوی خۆیان نابەرابەری و گەندەڵیەکان دەبینن، ئاگایان لەوە هەیە کە بەرپرسەکان لە شەو و رۆژێکدا دەبنە سەرمایەدارو سامان کۆدەکەنەوە، باڵاخانەو ڤێللا و کۆمپانیا هەڵدەچنن. کرێکاران ئەوانە دەناسن کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان و حزبەکانیان و کورسیەکانیان دەکەنەوە!

لە کوردستانی ئازادکراودا، ئەمساڵ نە رێز لە قوربانیەکانی کرێکان گیرا، نە جەژن و خۆشییان بۆ سازکرا، بەڵکو رێگەیان نەدا بە ئازادنە یادی ئەو رۆژە بکرێتەوە! بەرپرسەکان لەجیاتی ئەوانەوە هەڵپەڕین و ئاهەنگیان گێڕا .

# ئەردۆگان رووبەڕووی تەنگژەکان رادەوەستێ

کامەران عەلی

دوای ئەوەی رۆژی چوارشەممەی رابردوو دادگەی دەستووری تورکیا گەڕی یەکەمی دەنگدانی پەرلەمانی بۆ دەستنیشانکردنی سەرکۆمار پوچەڵ کردەوە، رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکوەزیرانی تورکیا نیگەرانی خۆی پیشانداو بەو گوللەیەی وێناکرد کە لە بەرووی دیموکراسی دەتەقێندرێ.

پێشتر ی سوپا هەڕەشەی لە حکومەت کردبوو، بەوهۆیەشەوە تەنگژەی توند سەری هەڵدابوو.

لەوەتەی دەوڵەتی تورکیا لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورک لە دەیەی دووەمی سەدەی رابردووەوە دروست کراوە تەنگژەی لەم بابەتەی بەخۆیەوە نەبینیوە، جاران ئەگەر تەنگژە پەیدا بوایە سوپا کودێتای دەکردو جڵەوی فەرمانڕەوایەتی دەگرتە دەست، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی تورکیا باس لە دیموکراسی دەکات و هەڵپەی باوەشی یەکێتی ئەورووپا دەکات، کۆدێتای سەربازی بە ئەگەری هەرەلاواز دادەنرێ وباوەڕناکرێ جێگەی سەرەڕۆیی دیکە مابێتەوە.

دەستووری تورکیا وادەخوازێ کەسێکی سکۆلاریزم پۆستی سەرکۆمار کە پۆستێکی رەمزییە وەربگرێ، بەڵام کاندیدکردنی عەبدوڵڵا گوولی ئەندامی پارتی دادو گەشەپێدان کە پارتێکی ئیسلامی میانڕۆی دەستەڵاتدارە هەڕەشەی لەسەر سکۆلاریزمی تورکیا دروست کردووە. پارتەکەی عەبدوڵڵا گوول ٣٥٢ ئەندامی لە پارلەماندا هەیە، بەڵام دەنگی ئەو پەرلەمانتارانە پۆستی سەرکۆماری پێ مسۆگەر ناکرێ، بەوهۆییەوە داوای گۆڕینی یاسا دەکرێ. هەندێک ئەندام پەرلەمانی لیستی پارتی دادو گەشەپێدان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئیدی سەرکۆمار راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ، ئەمەش بە مەبەستی گۆڕینی بڕگەیەکی دەستووری هەمیشەیی پێشنیار کراوە.

ئەگەر کێشەی دەستنیشانکردنی سەرکۆمار لە پەرلەمان یەکلایی نەکرێتەوە یان دەبێ دەستوور هەموار بکرێ، یان دەبێ پێشنیاری سەرباز پەسند بکرێ و پۆستی سەرکۆماری بە کەسێکی لاگیری سوپا بدرێ کە ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی ناکۆک دێتەوەو باوەڕیش ناکرێ پارتی دادو گەشەپێدان ئەو گوشارە پەسند بکات و چاوپۆشی لە مافی خۆی بکات.

کێشەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارو پەیڕەویکردن لە دەستووری سکۆلاریزم یەکەمین و دوایین کێشەی نێوان سوپاو حکومەتی ئەنکارا نیە، حکومەتی ئەنکارا خۆی بە خاوەن ماف دەزانێ و رەوایەتی لە دەنگدانی خەڵکدا دەبینێتەوە کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا مسۆگەری کردبوو، سوپاش رەوایەتی لە دەستوور و فەرمایشەکانی ئەتاتورکدا دەبینێتەوەو خۆی بە میراتگری راستینی ئەو هێڵە فکرییە دەزانێ کە دامەزرێنەری کۆماری تورکیا گەڵاڵەرێژی بۆ کردووە.

رێپێوان و خۆپێشاندانی لایەنگرانی سکۆلاریزم بە دژی کاندیدکردنی عەبدوڵڵا گوول نەک هەر کێشەکەی یەکلایی نەکردۆتەوە، بەڵکو کێشەکەی ئاڵۆزو ترسناکتر کردووە.

دوای ئەوەی خودی ئەردۆگان لەبەر گوشاری سەرباز و عەلمانیەکان بوێری ئەوەی نەکرد خۆی بۆ پۆستی سەرکۆمار کاندید بکات، لە کایەیەکی تێکچرژاودا عەبدوڵڵا گوولی جێگری خۆی هێنایە نێو هاوکێشەکەوە، ئێستا تەنگژەکە گەورەتر بۆتەوە ،بۆیە بەمەبەستی دەربازبوون لەو کێشەیە پەنا بۆ پەرلەمان و گۆڕینی دەستوور دەبات، ئەگەر سەربەکەوێ بە ئاسانی بەر گرفتەکە باز دەدات و دەرگە لە رووی پاڵاوتنی خۆی دەکاتەوە.

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر پەرلەمان بڕیار لەسەر گۆڕینی بڕگەی دەستوور بدات و سەرکۆمار لە رێگەی دەنگدانی خەڵکەوە پۆستەکەی مسۆگەر بکات، دەرگە لە رووی ئەردۆگان دەکرێتەوە، ئەوکاتە دەتوانێ خۆی کاندید بکات و لە کاندیدەکانی دیکەی پارتی دادو گەشەپێدان دەنگی زیاتر بەدەست بێنێ و پۆستی سەرکۆمار بۆ خۆی و تەمەنی چوار ساڵی داهاتووش بۆ پارتەکەی مسۆگەر بکات .